كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

www.kurdistannet.org

23-10-2007 3:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئایا هەموو گەلی تورک وەک زۆرینەی سیاسییە شەڕانگێزەکانیان بیر ئەکەنەوە؟!... نەوزاد شێردڵ**

بێ گومان نەخێر و بگرە ئەمە کوفرێکی ئاسمانیی و وویژدانییشە ئەگەر بە یەك چاوی شەڕ خوازانە سەیری هەر میللەتێکی سەر ئەم کەوکەبە بکەین، چوونکە منیش وەك زۆربەتان و لە ڕێی تێکەڵاویی زۆرمەوە و میللەتی تورکییش یەك لەو تێکەڵاوانە و وەك هەر کەسێکی تر زۆرینەی ڕۆشنبیرە خۆ ناس و مرۆ دۆستەکانیان ئاوا سەر شێتانە بیر ناکەنەوە، (کاتێك ئەڵێم ڕۆشنبیری خۆ ناس و هتد .. چونکە بێ گومان ڕۆشنبیری مشە خۆر و بەکتریا و درم ئاساش زۆرن کە ساڵە و عەیام زۆر چاك لە نزییکەوە ئاگاداریانم چۆن نووکی قەڵەمیان وەك کەڵبەی سووری مەسلەحەت لە شادەماریی خۆشباوەڕیی نەتەوەکەم گیر کردووە!!) دەرهەق بەو مانشێتەی سەرەوەشم و لە ناو دەیان نموونەی زیندووی ئەزموونی مەیدانیی خۆشمدا و لەم دەرفەتە کوورتەدا حەز ئەکەم ئەم نموونە ئێجگار بچکۆلەیە باس ئەکەم:- ماوەیەك لەمەوبەر و دوای سەردانەوەی کوردوستان، لە گەڕانەوەمدا بۆ باکووری ئەمریکا ئەوە بوو بە هۆی کەوتنەوەی ئاگرێك لە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتیی ئاستەنبووڵ سەرجەمی کاتی فرینەکان لەوێ و لە ئانکەرەش بۆ ماوەی زیاتر لە دە کاتژمێر یا



دووا کەوتن یا بە یەکجاریی کانسڵ بوونەوە، ترانزێتەکەی منیش کە - ئانکەرە - - ئاستەنبووڵ - - میونخ - - تۆرۆنتۆ - بوو گۆڕدرا بۆ - میونخ - شارێکی بچووکی سویسرا و ئینجا تۆرۆنتۆی کانەدا، ئەمەو بەزمی پشکنینێکی توند و تۆڵ و چەندان پرسیاری جیا جیای پۆلیسی نهێنی تورك لە گەشتیارەکان و ئیتر لەو دەرفەتەدا و لە کافیتریای فڕۆکە خانەکە - جان. گ. پاموك - م ناسی، - جان - پارێزەرێکی ماف ناسی سی و پێنج ساڵەی کە لەگەتی ناسراو و خاوەن کەسایەتییەکی پڕ ڕێز و هێمنی ئاستەنبووڵ بوو، - کە ئەڵێم ناسراو چوونکە دیقەتم دا چەند جارێك کە پۆلیسەکان بە لاماندا ڕەت دەبوون ساڵووتی سەربازییان بۆ جان ئەکرد - جان ئەیووت ئەو ڕێزە زیاتر بۆ خانەوادەکەمە بە تایبەت باوکم کە دوای بیست و چوار ساڵ خزمەت و هەوڵدانی وەك دادوەرێك بۆ پیادە کردنی سەراپای ئەو دەستوورە سیڤلییە سویسرییەی کە کاتی خۆی ئەتا توورك بۆ ئێمەی هەڵبژارد بەڵام حکوومەتە سەربازییەکەمان!! لە کاری میرییان دوور خستەوە، جان بە نیازی سەردانی ماڵی خوشکە گەورەکەی لە سویسرا کە خاتوونێکی پیشە دادوەر بوو و هاوکات بۆ خوێندنی ماستەرەکەی لە یاسادا وەك خۆی لەگەڵ دەیان باسی تری خێزانییدا بۆی باس کردم دوو ساڵ جارێك سەردانی سویسرای ئەکرد، خۆ ئەگەر کەسێکییش لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نزیبکەوە لێی وورد نەبوایەتەوە ئەوا بە هۆی لیاقەی جوان و تەنانەت شێوەی ڕوخسارییشی وا هەستی ئەکرد کە بەرامبەر ئاکتەرێکی سینەمایی وەستاوە، بە تایبەت هەیبەتی ئەم لە زۆر ڕووەوە هەڵگری بوو، خۆ لە درێژەی باسی George Clooney - کلوونیی جۆرج - هۆڵیبوود ئاکتەری ناسراوی- کەسایەتیی ئێجگار کات خایەن و ئێجگارییش کراوەی سیاسەتی گشتیی هەردووکماندا و لە وەڵامی پرسیارێکی مندا سەبارەت بە جیهانی ئەدەب و هونەری سینەما بە زمانی ئینگلیزی ووتی:- نەوزات!!، سەرەتای خوێندنی کۆلیژم لەگەڵ کچە دەزگیرانەکەی ئێستامدا تا بڵێی عاشقی هۆڵیبوود و خوێندنی سینەما بووین بەڵام خواستی باوکم کە وەك ووتم خۆیشی دادوەر بوو زیاتر وەك خووشکە گەورەکەم دیپلۆمی باڵای یاسا و کاری پارێزەریی و دواجارییش هەر هەمان پیشەی دادوەریی بوو بۆ من، - بە بزەیەکەوە ووتیشی -:- دەوڵەتی تورکیای ئێمە بە هۆی نەبوونی عەدالەت و پشێویی باری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دەیان ساڵەوە، هێندەی هەموو دەوڵەتانی جیهان پێویستی بە دادوەر و پارێزەر و مافناسی بە وویژدان هەیە، باس لێرە و باس لەوێ، هەر لە تەتەر و جەنگیز و بەرخی سپی و ڕەش و سەلجووقیی و عوسمانییەکانەوە تا ئەمڕۆی حازر پیا هاتیین و لە پڕ ووتی:- ڕات بەرامبەر - پی کەی کەی - چییە و چۆنە؟! ئەگەرچی هەر لە سەرەتای یەکەم دە خولەکی ناسینی جان و خواردنەوەی ئەو قاوانەی کە هەر دوو کوپی تازە یەکێکمان نرخی فاتوورەکەمان ئەدا ئەو بە گەرمی هەردوو دەستمی بۆ چەند ساتێك ئەگرتم و ئەیوت:- نەوزات، بڕوا بکە هەر بە یەکەم بینینییت هەستم بە گەرماییەکی سەر سووڕهێنەری ڕۆح کرد و ئاشنایەتیی و قسە کردنییش لەگەڵتا زۆر مایەی دڵخۆشییمە بەڵام توو ئەو خوایەی هەردووکمان بڕوامان پێیەتی زیاتر کراوە بە لە وەڵامی پرسیارە سیاسییەکانما و وا بزانە لەگەڵ هاوڕێیەکی هەرە نزیکتا بێ ترس قسە ئەکەیت، لە پاڵ ئەمانەشدا دوو جار جانم دی کە بەرەو نوێژی مزگەوتە بچکۆلەکە چوو، بەڵام وەك خوودی خۆم باسێکی لەو جۆرانەم وا پێ خۆش بوو کە لە ناو فرۆکەکەدا بیکەین نەك لەو شوێنە پڕ لە پۆلیسە ئاشکراو نهێنییەدا، موختەسەر کە ئەو هەر کۆڵی نەدا، ناچار بە وورد کردنەوەیەکی زۆر هاوچەرخانەی دوور لە زەڕڕەیەك دەمارگیریی بیری نەتەوەیی بە پرسیارێکی کوورت پێم ووت:- جان گیان، من کاتی خۆی پێشمەرگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم کە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردوستان ڕابەری ئێمە و باڵەکانی ترییشی ئەکرد، لە دیسەمبەرێکی سەهۆڵبەندانی جەستە و هەناو تەزێندا و لەگەڵ هاوڕێیەکی تری منداڵییمدا - کاوەی کاکە سوور - کە لەو ڕێیە هەردووکمان نەخۆش کەووتیین و دوواجار لە گەڕانەوەماندا ئەو لە گوندێك کۆچی دوایی کرد، بێ پرسی سەرووی خۆمان و بەو پێیەی چ لە ڕووی بڕوای ئایدیۆلۆژیی فیکریی و ستراتیژیەتی بیری نەتەوەییەوە زۆر لەو گەریلایانە نزیبك بووین، یا بگرە بە مووش جیاوازییمان نەبوو، ئیتر سەردانی هێزێکی زۆر دووریی - پی کەی کەی - مان کرد کە تازە بە تازە و بە پشتیوانیی ڕاستەو خۆی مادیی و مەعنەویی پارتی دیموکراتی کوردوستانی / بەشی عێراقی ئەوسا / دامەزرابوون، بڕوا بکە کە لەو چیا تۆفاناویی و پڕ کرێوەی بەفرەدا چاووم بەو ئافرەتە تا خوا حەز کات شۆخ و عەزم بەرزە چەکدارانە کەوت ئیتر یەکەم شت ئەو پرسیارە هات بە خەیاڵمدا کە ئێستا ئەمەوێت بەرەو ڕووی پرسیارەکەی تۆی بکەمەوە، - جان - ی پارێزەر و ڕۆشبیری تورك زادە ووتی:- پرسیارەکە چیە؟!، ووتم دەی بزانم بە بۆچوونی تۆ چ هێزو بڕوایەك پاڵی بەو کچە نازدارانەوە ناوە کە لە بری کەیف و سەفای ناو شارەکانی تورکیا و بەو ڕۆشبیرییە باڵایەیانەوە و لە پاڵ هەموو چرکە ساتێکی مەرگدا ئەو سیراعە ئێجگار سەختە لەگەڵ سرووشتدا هەڵ بژێرن؟! وەڵامی جان ئاشکرا بوو کە ئەوە زادەی بڕوایەکی ئێجگار پتەوە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام نەوزات تۆ کە سەرو بنی زمانت باس لە ئاشتیی و دیپلۆماسییەتە، باشە ئەی بۆ سیاسەتمەدارانی لای ئێوە ناکەونە نێوان دەوڵەتی ئێمەو ئەو گەریلایانە تا ڕێچارەیەکی ئاشتیانەی بنەڕەتیی و جدی هەڵبژێرن نەك ئەم هەموو لێدووانە شەرمنۆکە و بۆچوونە دوو فاقە ئاڵۆز و نا مەفهوومانەی ئەمڕۆ کە بۆنی پاکانەیان لێ دێت و سوپای تورکیاش ئیستغلالی تەواوی ئەو بێ دەنگییەی ئێوەی کردووە؟! ئێوە ئەزانن کە پەرلەمانی ئێمەی تورك زۆر لە سە لاحییەتە ستراتیژەکانی وەك یاری میکانۆ وا لە ژێر فەرمانڕەوایی و گەمەی خۆ بە خۆی حکومەتە میلیتاریەکەماندا و ئەگەر لە هەر بڕیارێکی گرنگدا و ئەندامێك دەستی ئۆکەی بڵند نەکاتەوە دوواجار هەر دە پەنجەکەی ئەبڕن؟! ئێوە ئەزانن.. واو وا و.. هتد... ووتم:- جان ی بەڕێز من دەموو دەست وەڵامت نادەمەوە و زۆربەیان بە جێ ئەهێڵیین بۆ ئیمێڵ و پەیوەندییەکانی داهاتوومان، بەڵام ئایا تۆ و ئێوەش ئەوە ئەزانن کە هەر کاتێك سەرکردەکانی -پی کەی کەی -و -پژاکییش -لێدووان ئەدەن بەر لە هەموو شت خەم بۆ کووشتنی گەریلاکانی خۆیان و سەربازەکانی ئێوەش ئەخۆن؟! ئەزانییت ئەوان چەند دڵنیان لەوەی کە گەریلایەك چۆن بە ئیختیاری خۆی ئەو مەرگەی هەڵبژاردووە هاوکات سەربازێکی ئێوە زۆر بە ئیجبار ڕەوانەی ئەو دۆزەخە ئەکرێت؟، ووتی لەوەی دووەم دڵنیام و خۆم بە واسیتەی گەورە لە کاری نەگرییسی سەربازیی ڕزگارم بووە کە لە لای من و کەسانی خۆت ئاسا باووی شەڕ و تفەنگ و بۆنی بارووت لە مێژە بەسەر چووە، بەڵام نەمزانییبوو کە ئەوانەی شاخە دوورەکان خەمی مەرگی سەربازی ئێمەی تورکییشیان بە خەیاڵدا هاتبێت، زۆر موختەسەر تر ووتم:- ئاخر تۆ زیاتر بە میدیای برا توووند ڕەوە تورکەکانتانەوە سەرقاڵییت و منییش هەر بە درووشمی ئاگراوویی و خیتابی بورکان ئاسای برا نەتەوەییەکانی کوردی خۆمەوە، کە بێ شك لە ناو هەردوو ئەو بەرە دژەدا چەند کەسانێکی کەمی فیکر کوێر و نەفامی واش هەن کە دووعاخوازن بە ئەتۆم لایەکەی تر بتوێننەوە، بەر لەوەی دوای دە کاتژمێر چاوەڕوانیی ناو فرۆکە خانە و پێنج کات ژمێری فڕیینی ئاسمان بە تەوقە و باوەشی زۆر گەرم لە جان جیا ببمەوە، ئەدرێسی چەند سایتێکی کوردی -ئینگلیزی نووسەر و سیاسەتمەدارە پسپۆڕە نەتەوەیی کان و قەڵەمە ناسراوە ئاشتیی پەروەرەکانی تری کوردم دایە و پەیمانی شەرەفی دامێ کە زۆر بە خەستیی دیراسەی هەموویان بکات و بۆ لەمەو دوواش زۆر بە جدی تر سەیری ڕای نووسەرە بێ لایەن و قەڵەمە خاوێنەکانی کوردو دۆستی کورد بکات، دووا پرسیشی ئەوە بوو:- نەوزات تۆ بەم هەموو ئاشتیخوازییتەوە هەر ئەبێت پڕۆژەو پلانێکت هەبێت، داخۆ چی بێت؟! پێم ووت وا بۆ ساڵێك ئەچێت لەگەڵ یاسا ناسێکی خۆت ئاسای هاوڕێم و خەڵکانێکی تردا خەریکی پێکەوە نان و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی جیهانیی ئاشتیین کە ئەندامانی بریتیی بن لە کەسانی پرۆفیشناڵ و بێ لایەنانی هەردوو ڕەگەزەکە ی گەلانی جیهان و زۆر بە تایبەتییش گەنجان، ووتی هەر کە مۆڵەتی کارتان وەرگرت من و خوشکە گەورە دادوەرەکەم وەك یەکەم ئەندامتان لای خۆت تۆمار بکە، ئەملاو ئەولاییم ماچ کرد و پێم ووت چوونکە لە هەر گەل و نەتەوەیەك دوو ئەندامی نێر و مێی پسپۆڕمان پێویستە ئەوا هەر لەم ساتەوە ئێوەی بەڕێز ئەندامی شانازیی ئێمەن.

---------------------------------------------------------------------------------

- ئەمریکای باکوور -

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.